# سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و چەند سەرنجێک.

**سەلاح ڕەوف / هۆڵەندا**

ئاشکرایە کە بونی نەتەوە پەیوەستە بە بونی سێ کارەکتەری سەرکی کە بریتیین لە (زمان و کەلتوور و خاک)، زمان کارەکتەرێکی سەرکییە، لەبەر ئەوەی بەهاوکاری خاک، کەلتوور نەشونما ئەکات، هەرچەندە ئەم ڕوانگەیە لای هەندێ لەنەتەوەکانی جیهان پێچەوانەیە ، کە ئەڵێن زمان و کەلتوور دوکارەکتەری سەرەکیین، بۆنمونە لا ڕەوەندەکانی وڵاتانی بەلقان، ئەوگرنگیە بەخاک نادەن لەئاستی کەلتوردا، ئەوەندەی سەرقاڵی پاراستنی زمان و کەلتورەکەیانن ئەوەندە بایەخیان بە خاک نەداوە،هەروەها ئێمەی کوردیش کە بە نەتەوەیەکی دێرین و خاوەن مێژویەکی کۆن ناسراویین، بەڵام بەداخەوە تائێستاش خاکەکەمان داگیرکراو و زەوتکراوەو، دوژمنان و داگیرکەران پارچەپارچەیان کردووە،تائێستاش لەجیاتی ئەوەی بڵێین و بۆمان هەبێ بڵێین دەوڵەتی کوردی، هێشتا هەر لەبازنەی هەرێم دایین. بەداخەوە ئەبوایە ئێستا نەوەی کوردی و ئەوانەی لەسەر خاکی ڕەسەنی کوردی ژیان بەسەر ئەبەن لەئاستی بیرکردنەوەبونایە لە دەوڵەتی کوردی نەک لەهەوڵدابن بۆ فەوتاندنی بنەما پێویستەکانی دروست بونی دەوڵەتی کوردی و بەدیهێنانی ماف ویستەکانی نەتەوەی کورد کە بونی دەوڵەتی کوردییە، لام ئاشکرایە کە لەم بارودۆخە ناسک و ترسناکەدا بۆ پەلاماری گۆڕین و شێواندنی مۆرکی نەتەوەیی میلەتەکەمان ئەدەن، ئاشکرایە هۆشیار بونەوەی نەتەوەی کورد بەهەرچوارپارچەکەیەوە لە بەرژەوەندی کەسانی نانەتەوەیی و دوژمنان و داگیرکەرانی میلەتەکەماندا نییە، بۆیە لام گرنگ بوو کە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە بدەم .

بەرزی و نەتەوە پەرستی شاعیرو یاساناسی جوانەمەرگی کورد ((دڵدار)) لەوەدا ڕوونئەبێتەوە کە ئەوەندە ڕوولەخوابووە وەفای بۆنیشتمانەکەی لەئاستی باوەڕو پەیڕەو(یاسا.مەزهەب) داناوە، بەواتای بەرزکردنەوەی نیشتمان پەروەری بۆ ئاستێکی بەرز نەک نزم کردنەوەی ئاستی دین و ئایین. ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە لە ووشی سروودی نەتەوەیی ئەیڕەقیب دا باس لە ووشەی ئاین و دین بە مانای خواپەرستی و باوەربەیەزدانی مەزن نەکراوە، بۆئەوەی زیاتر ئەوبابەتە ڕوونبێتەوە من لە لێکۆڵینەوەکەمدابەناوی (پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی) باسم لەهەردوو ووشەی دین و ئایین بەم جۆرەکردووەو ڕاستیەکەش هەروایە :

وشەی دین وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە، لە وشەی دەئینا (Religion) وەرگیراوە بەمانای باوەڕ دێت. وشەی ئاینیش هەر وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە، کە بە مانای یاسا،یان پەیڕەو یان مەزهەب هاتووە، کەواتە ئەتوانین بڵێین دینی زەرتووشتی، بەڵام ئاینی کاکەیی (ئەهلی حەق) یان ئاینی یەزدی یان ئاینی عەلەوی. دوبارە دینی ئیسلام بەڵام ئاینی (مەزهەب- پەیڕوە)ی شیعە یان سونە. لەهیچ کام لەدێڕەکانی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب باس لە خوا پەرستی و بەکەم زانینی نەکراوە، بەڵکو شاعیری مەزن (دڵدار) ئەوەندە خاکەکەی خۆشویستووە هەردەم ویستویەتی ئاست و پلەی خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی بڵند بکات نەک کەمکردنەوەی ئاستی خۆشەویستی خۆی بو باوەڕو پەیڕەو خۆشەویستی خۆی بۆ خوا،

بۆیە بەلای من ئەو جۆرە پەلاماردانانە جگە لە سەرقاڵکردنی نەتەوەکەمان بەکاری نەشیاو و لاوەکییەوە لەم بارودۆخەدا ، تەنها بۆ لەبیربردنەوەی خواست و ویستەکانی نەتەوەکەمانە، هیوادارم هۆشمەندانی نەتەوەکەمان زۆرلەوە بەئاگاتربن کە مل بۆ خواست و ویستەکانی دوژمنان و داگیرکەرا بدەن.

زۆر ئاگادارم کە برای هێژاو شاعیر و یاساناس کاک خالید مەجید فەرەج هەمان خولیای پاراستنی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبی هەبوو باش لێدوانمان بەمجۆرە لەسەر بابەتەکەدوا:

## لەپێناوی مانەوەی سرودی ئەی رەقیب

خالید مەجید فەرج

ماستەر لە قانون دا

لەبەر ئەوەی سرودی ئەیرەقیب لە هەموو شوێنێکی کوردستان و لەدڵ ودەرون وزاکیرەی هەموو کوردێکدا بۆتە رەمزی مانەوەو خۆراگرتنی نەتەوەکەمان و بۆ ئەوەی کۆدەنگی لەناو پارلەمانی کوردستاندا لەسەر هەموو ئاست وبیرو بۆچوونەکانەوە بەدەست بهێنیٚ.

بۆ ئەوەی ئەو دەقە پڕ لە شانازی کوردایەتیە نەکەین بە قوربانی دوو ووشە بۆیە بەباشم زانی ئەو نیوە دێرەی کە دڵداری شاعیر تیا دەڵێت (دینمانە ئاینمان هەر نیشتمان) دەستکاریەکی بچووکی بکەم و لەبری ئەوە بڵێین (سەربەرزی،شانازیمانە نیشتمان).

لێرەدا ئەمەوێت ئاماژە بە شتێکی گرنگ بدەم کە ئەویش ئەویە ئێمە یەکەم میللەت نین وە ئاخر میللەتیش نابین کە دەستاکاری سرودی نەتەوەیی خۆی کردبیٚ وەیان بیکات.

بۆ نموونە وولاتانی وەکو فەرنسا و ئوستراليا وميسر و جەندين وولاتانی تر سرودە نيشتمانيەکانی خۆيان گۆڕيوە.

## ئەی رەقيب

ئەی رەقيب هەر ماوە قەومی کوردزمان

نايشکێنێ دانە يی تۆپی زەمان

قەومی کورد هەستايە سەر پێ وەک دلێر

تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژيان

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زيندووە

زيندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ئێمە رۆڵەی ميديا و کەيخوسرەوين

((دينمان، ئايينمان، هەر نيشتمان))

سەر بەرزيو شانازيمانە نيشتمان

ئێمە رۆڵەی رەنگی سوور و شۆڕشين

سەيری کە خوێناوييە رابردوومان

لاوی کورد هەستايە سەر پێ وەک دلێر

تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژيان

لاوی کورد هەر حازر و ئامادەيە

گيانفيدايە، گيانفيدا، هەر گيانفيدا

# Ay Reqib


mp
Piano
Ay re qib her ma we qe w mi ku d zu ba n nai sh kê nê
da ne yi to pi ze man nai sh kê nê da ne yi to pi ze man kes ne lê kurd
mir du we kes ne lê kurd mir du we kur d zin du we zin du wew qet
na ne wê aa la ke man zin du wew qet na ne wê aa la ke man